# ئایا لە شەریعەتی ئیسلامدا دروستە ئافرەتێک ببێت بە فەرمانڕەوا

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**موحەمەد صاڵح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# هل يجوز في الشريعة الإسلامية أن تكون المرأة حاكمة؟

« باللغة الكردية »

محمد بن صالح المنجد

ترجمه: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئایا لە شەریعەتی ئیسلامدا دروستە ئافرەتێک ببێت بە فەرمانڕەوا

**پرسیار**: ئایا لە شەریعەتی ئیسلامدا دروستە ئافرەتێك ببێت بە فەرمانڕەوا ؟ ئومێدەوارم بەڵگە لەسەر ئەم مەسئەلە لەقورئانی پیرۆز هەبێت .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

**یەکەم** / زۆر سوپاسی ئەو برا بەرێزە دەکەین کە پرسیارەکەی کردووە و بەو شێوەیەش سوورە لەسەر ناسین و شوێن کەوتنی بەڵگەکان لەقورئانی پیرۆز. بەڵام پێویست نییە بۆ هەموو مەسئەلەیەك بەڵگەی تایبەت لە قورئانی پیرۆز هەبێت، چونکە زۆربەی حوکمەکان لە ئیسلامدا بە بەڵگەی صەحیح لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) جێگیر بووە، و بەڵگەیان لە قورئاندا لەسەر نییە، بۆیە واجبە لەسەر موسڵمان کە شوێن هەموو بەڵگەکانی قورئان و سوونەت بکەوێت، خوای گەورەش

فەرموویەتی ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ﴾ [ النساء : ٥٩] واتا : ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن وە پاشانیش گوێڕایەڵی کار بەدەستە(عادیلە) کانی خۆتان بن جا ئەگەر دوو بەرەکیتان هەبوو لەشتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خواو بە ڕۆژی دوایی ئەوە باشترە وە ئاکام و ئەنجامی چاکترە.

خوای گەورە فەرمانی کردووە بە گوێرایەڵی ذاتی هەق تەعالای خۆی و گویڕایەڵی پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) و فەرمانی کردووە لەو شتانەشی کە ناکۆکی دەکەوێتە نیوانیانەوە بگەڕێنەوە بۆ قورئان و سوننەتی محمد المصطفی بۆ چارەسەکردنی .

خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ [ الحشر : ٧ ] واتا : ئەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆی هێناون وەری بگرن، هەر فەرمانێکی پێدان بەگوێی بکەن، قەدەغەی هەر شتێکی لێ کردن

مەیکەن، لە خوا بترسن؛ چونکە بەڕاستی خوا بەتوندی تۆڵە دەسێنێت .

ابن ماجە ڕیوایەتی کردووە لە میقدادی کوڕی مەعد یەکربی کیندیەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : « يُوشِكُ الرَّجُلُ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ يُحَدَّثُ بِحَدِيثٍ مِنْ حَدِيثِي ، فَيَقُولُ : بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ، مَا وَجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَلَالٍ اسْتَحْلَلْنَاهُ ، وَمَا وَجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَرَامٍ حَرَّمْنَاهُ ، أَلَا وَإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِثْلُ مَا حَرَّمَ اللَّهُ » [صححه الألباني في صحيح الجامع (٨١٨٦)] واتا : نزیکە کەسێك پاڵی دابێتەوە لەسەر سەریرەکەی خۆی فەرموودەیەك لەفەرموودەکانی من باس دەکات، و دەڵێت : لە نێوان من و ئێوەدا قورئانی پیرۆز حاکم بێت، ئەوەی بینیمان لەقورئاندا حەڵاڵە ئەوە ئێمەش بە حەلاڵی دادەنێین، وە ئەوەشی بینیمان قورئانی حەرامی کردووە ئێمەش بە حەرامی دادەنێین، پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی: ئەوەش بزانن ئەوەی پێغەمبەری خوا حەرامی کردوووە وەك ئەوەیە کە خوای گەورە حەرامی کردووە .

**دووەم** / قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دروست نییە ئافرەتان پۆستە گشتیەکانی کاروباری موسڵمانان

بگرنە دەست ( الولايات العامة) وەك خيلافەت و وەزارەتەكان و قەزا و قەزاوەت ودادوەری دادگاكان، و هاوشێوەی ئەم پۆستانە .

بەڵگەكان لە قورئانی پیرۆز :

خوای گەورە فەرموويەتی : ﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ ﴾ [ النساء :٣٤ ] واتا : پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەكانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ڕێزو زیادە ئەركێكەوە كە خوا داویەتی بەهەندێك بەسەر هەندێكی تردا (سەرەڕای ئەوەی كە) پیاوان لەماڵ و سامانیان خەرج دەكەن (لە پێناوی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا ) .

قورطبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ووتویەتی : مەبەست لە ﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ ﴾ ئەوەیە كە پیاوان هەڵدەستن بە خەرج كردن و دابین كردنی مەسروفات و نەفەی خێزانەكانیان، لەهەمان كاتدا بەرگریشی لێ دەكات، وە وتوشیەتی : چونكە لەناو پیاواندا كاربەدەست و ئەمیر و ئەو كەسانە هەن كە غەزا و جیهاد دەكەن، بەڵام ئەمە لەناو ژناندا نییە، [ تفسير القرطبي : ٥/١٦٨) ] .

ابن كثیریش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە : پیاوان سەرپەرشتن بەسەر ئافرەتانەوە، واتا :

پیاو سەرۆك و گەورە و كاربەدەستە بەسەر ئافرەتانەوە، وە ڕاستی دەكاتەوە ئەگەر خوار وخێچ بوو، ئەوەش بەوەی كە خوای گەورە زیادە ئەركێكە كە داویەتی بەهەندێك بەسەر هەندێكی تردا؛ چونكە بە شێوەیەكی گشتی پیاوان لە ئافرەتان باشتر وچاكترن، هەر لەبەر ئەوەیشە كە پێغەمبەرایەتی لەناو پیاواندا ببێت، هەروەها موڵكی گەورە و پادشایەتیش هەر لەناو پیاواندا بووە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « لن يفلح قوم ولّوا أمرَهم امرأة » [رواه البخاري] واتا : هیچ گەلێك سەرفراز نابن ئەگەر ئافرەتێكیان كردە كاربەدەستی خۆیان ، ... هەروەها پۆستی قەزایش بەو شێوەیە نابێت بدرێتە ئافرەتان ..[تفسير ابن كثير ١/٤٩٢ ] .

بەڵگەكان لە سوننەت :

عن أبي بكرة رضي الله عنه قال : لما بلغ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم أن أهل فارس قد ملَّكوا عليهم بنت كسرى ، قال : « لن يُفلح قومٌ ولَّوا أمرَهم امرأة » [رواه البخاري ( ٤١٦٣) ] واتا : ئەبی بەكرە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە كاتێك كە هەواڵ گەیشت بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە فارسەكان كچی پادشاكەیان بووە بە گەورە و پادشایان، فەرمووی : « هیچ گەلێك سەرفراز نابن ئەگەر ئافرەتێكیان كردە كاربەدەستی خۆیان »

ئیمامی شەوکانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (نیل الاوطار) لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە ئەلێت : « ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئافرەت نابێت پۆستی لێپرسراویەتی گشتی وەربگرێت، وە حەڵاڵ نییە بۆ گەلێك كە ئافرەتێك لێپرسراویان بێت، چونكە واجبە لەسەریان دوور بكەونەوە لەو شتەی دەبێتە هۆی سەرفراز نەبوونیان [ نیل الاوطار ٣٠٥/٨] .

ماوردی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) كاتێك دێتە سەر باسی وەزارەتەكان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، دەڵێت : « دروست نییە ئافرەتێك بەم كارە هەستێت، چونكە پێغەمبەری خوای ( صلى اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : « ما أفلح قومٌ أسندوا أمرهم إلى امرأة »واتا : هیــیچ گەلێك سەرفراز نابن ئەگەر ئافرەتێكیان كردە كاربەدەستی خۆیان ؛ چونكە ئەم جۆرە كارانە ڕا و جێگیری ووره و عەزمی پێویستە كە ئافرەتان لەم بوارەدا لاواز وكەم دەسەڵاتن، لەهەمان كاتدا ڕاپەڕاندنی كاروبارە گشتیەكانی ووڵات پێویستی بە دەركەوتنی ئەوان هەیە، ئەمەش ڕێگیری لێكراوە » [الاحكام السلطانیة : لاپەڕە ٤٦ ] .

ابن حزم یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی خیلافەتەوە ووتویەتی : « هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان هیچ كەسێكدا كە

دروست نییه ئافرەت ئەم كارە بگرێتە دەست » [الفصل في الملل والنحل ١٢٩/٤] .

زانایانی ئیسلام هاوڕان لەسەر ئەوەی كە مەرجێك لە مەرجەكانی پێشەواو و ئیمامی موسڵمانان ئەوەیە نێرینە، پیاو بێت، چونكە ویلایەت و پێشەوایەتی ئافرەتان دروست و ڕاست نییە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « لن يفلح قوم ولّوا أمرهم امرأة » واتا : هیچ گەلێك سەرفراز نابن ئەگەر ئافرەتێكیان كردە كاربەدەستی خۆیان ، وە بۆ ئەوەشی كە بتوانێت تێكەڵاوی پیاوان بكات، و خۆی یەكلایی بكاتەوە بۆ كاروبارەكانیان، - دەبێت پیاوان ئەم كارە بكەن - هەروەها ئەم كارە زۆرێك لە كارە مەترسیەكان یەكلای دەكاتەوە، وەكارە قورسەكان لەخۆ دەگرێت، تەنها ئەم كارە شایانی پیاوانە » [الموسوعة الفقهية ٢٧٠/٢١] .

هەروەها ئەم پرسیارە كرا لە شێخ عبدالعزيز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) :

پرسیار : ئای هەڵوێستی شەریعەتی پاكی ئیسلام چیە لەبارەی خۆپاڵاوتنی ئافرەت بۆ سەرۆكایەتی وولات، یان سەرۆكایەتی حكومەت، یان بۆ گرتنە دەستی پۆستی وەزارەت ؟

بەرێزیان لە وەڵامدا ووتیان : ویلایەتی ئافرەتان و دەستنیشان کردنیان بۆ سەرۆکایەتی گشتی موسڵمانان کاریکی دروست نییە، چونکە قورئان و سوننەتی صەحیح و کۆدەنگی ڕای زانایان لەسەر ئەوەیە کە کارێکی لەم شێوەیە دروست نییە، بەڵگە لە قورئان خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ ﴾ [ النساء :٣٤ ] واتا : پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ڕێزو زیادە ئەرکێکەوە کە خوا داویەتی بەهەندێک بەسەر هەندێکی تردا (سەرەڕای ئەوەی کە)پیاوان لەماڵ و سامانیان خەرج دەکەن (لە پێناوی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا)، حوکمەکەش کە لەئایەتەکەدا هاتووە گشتیە و سەرجەم وویلایەتەکانی پیاوان، و باڵادەستی و قیوامەی لەناو خێزانەکەیدا بەسەر ئافەرتاندا دەگرێتەوە، وەبە نسبەت سەرۆکایەتی گشتی ووڵاتیشەوە ئەوە بە پلەیەکی زیاتر دروست نییە، - چونکە ئەگەر بەرپرسی یەکەمی خێزان بەدەستی پیاوان بێت، ئەوا بە ( أولی) تر کاوروباری ووڵات و حکومەت دەبێت بدرێتە دەست پیاوان نەك ئافرەتان - ئەوەشی ئەم حوکمە زیاتر تەئکید دەکاتەوە ئەوەیە هۆکارەکەی لە ئایەتەکەدا باسکراوە، ئەویش ئەوەیە ڕاو عەقڵی پیاوان بە گشتی (نەك تاك تاکی پیاوان) باشتر وچاکترە، لەڕووی ئەوەی شیاوترن بۆ سەرۆکایەتی و گرتنە دەستی حوکم .

**له** سوننەتیشدا هاتووە : کاتێك کە فارسەکان کچەکەی کیسرایان کردە پادشای وولاتەکەیان فەرمووی : « لن يفلح قوم ولّوا أمرهم امرأة » [ رواه البخاري] هیچ گەلێك سەرفراز نابن ئەگەر ئافرەتێکیان کردە کاربەدەستی خۆیان .

بێگومان ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر حەرامی گرتنە دەستی دەسەلات و حوکمی گشتی لە لایەن ئافرەتانەوە، هەروەها بەڵگەشە لەسەر ئەوەی دروست نییە ئافرەتێك کاروباری هەرێمێك یان شارێك بگرێتە دەست، چونکە هەموو ئەم پۆستانە صیفەتی پۆستە گشتیەکانی هەیە، بێگومان پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە هیچ گەلیك سەرفراز نابێت ئەگەر کارەکانی خۆیان دایە دەست ئافرەتێك، سەرفرازی و سەرکەوتنیش بریتیە لە سەرکەوتن و بەدەست هێنانی خێر و خۆشی .

خوای گەورەش زاناترە ....

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەلام ...